# پەرتووکی کۆرس
# Course Book

**بەش......کوردی.............**

**کۆلێژ.........زمان...........**

**زانکۆ ........سەلاحەدین...................**

**بابەت ........فەرهەنگ و زاراوەسازی..............**

**پەرتووکی کۆرس (ساڵی ٤)**

**ناوی مامۆستا : م. میدیا مراد**

**ساڵی خوێندن:( ٢٠٢٤-٢٠٢٥)**

| | |
|---|---|
| **1. ناوی کۆرس** | فەرهەنگ وزاراوەسازی |
| **2. ناوی مامۆستای بەر پرس** | میدیا مراد محمدامین |
| **3. بەش/ کۆلیژ** | بەشی کوردی / کۆلێژی زمان |
| **4. پەیوەندی** | ئیمێل:media.muhammadamin@su.edu.krd |
| **5. یەکەی خوێندن (بە سەعات) لە هەفتەیەک** | ٤ کاتژمێر |
| **6. ژمارەی کارکردن** | ئامادەبوونی مامۆستای وانەبێژ بۆ قوتابیان لە ماوەی هەفتەیەکدا |
| **7. کۆدی کۆرس** | |
| **8. پرۆفایەلی مامۆستا** | لەساڵی (٢٠٠١-٢٠٠٢) بەکەلۆریۆسم لە زمانی کوردی وەرگرتووە.لە کۆلێژی ئاداب لە بەشی زمانی کوردی.<br>لە ساڵی( ٢٠١٠) ماستەرم وەرگرتووە ناونیشانی نامەکەم(لێکدان وخستنەپاڵ لە زمانی کوردی دا،لێکۆڵینەوەیەکی لێکسیکۆلۆجییە) لە کۆلێژی زمان.<br>لە ٢٠٢٠ پلەی زانستیم لە مامۆستای یاریدەرەوە گۆڕاوە بۆ مامۆستا.<br>ئەو وانانەی کە تا ئێستا وتوومەتەوە بریتین لە:((ڕستەسازی، کوردی، کوردۆلۆجی/ کوردناسی ، زارەکان ،تیۆری زمان،زارناسی، زماننناسی، لێکسیکۆلۆجی، ڕێزمانی بەراورد، مێژووی زمانی کوردی،زمانەوانی تیۆری، قوتابخانە زمانەوانییەکان، فەرهەنگ و زاراوەسازی)) |
| **9. وشە سەرەکیەکان** | فەرهەنگ، فەرهەنگناسی، فەرهەنگسازی ، لێکسیم، لیما، زاراوەسازی، ڕێبازو ڕێگاکانی زاراوەسازی. |

**10. ناوەرۆکی گشتی کۆرس:**

فەرهەنگ و زاراوەسازی زانستیکی گرنگن ، لە بابەتەکانی خوێندنی قۆناغی زانکۆیی دا بەتایبەتی لە بەشی کوردیدا ، چونکە بابەتێکی گرنگن لە لێکۆڵینەوە زمانییەکاندا و هەنگاوێکی گرنگە بۆ شارەزابوون لە زانستی فەرهەنگ و زاراوە بەگشتی و هەروەها گرنگی خۆی هەیە بۆ ئاشنابوونی قوتابیانی بەشی کوردی بە چۆنیەتی دروستکردنی فەرهەنگ و زاراوەکانی زمانی کوردی .

قوتابی دەتوانێ لەم بوارەدا یا لەگەڵ فەرهەنگنووسانی تر کاربکات یاخود لەناو خۆیاندا لەگەڵ یەکتری کاربکەن بۆ دروستکردنی فەرهەنگی چاپکراو یا سەرهێڵ کە لەئێستادا بۆ دابین کردنی هەڵی کار فەرهەنگی سەرهێڵ باوی زیاترە، چ لە زمانی کوردی چ لە زمانانی تریشدا.

**11. ئامانجەکانی کۆرس**

1- ناساندن و ئاشناکردنی قوتابیان بەچەمک و پێناسەی فەرهەنگ و زاراوە ،ناساندنی فەرهەنگنووسی و فەرهەنگناسی فەرهەنگسازی و فەرهەنگ،جۆرەکانی، لێکسیم، لیما، زاراوەسازی، ڕێبازو ڕێگاکانی زاراوەسازی....هتد.

-2 دروستکردنی کادیری فەرهەنگناس و فەرهەنگساز و زاراوەساز و ڕەخنەگر و هەڵەچن بۆ خزمەتکردنی فەرهەنگ و زمانەکەمان بەهۆی پەیڕەوکردن و بەکارهێنانی ئەم زانیارییانەی کە لەم وانەیە دا خراوەتەڕوو بۆ ئەو فەرهەنگانەی کە لەمەودوا دادەنرێن و چاپدەکرێن. جا چ فەرهەنگی چاپکراو بێ یا سەرهێڵ.

## 12. ئەرکەکانی قوتابی

1. ئامادەبوونی قوتابی لە کات وساتی خۆیدا، تەنها وانەی یەکەم نەبێ کە بە هۆی قەرەباڵغی ڕێگاوە تا 10 خولەک ڕێگە پێدراوە،بەڵام لەکاتەکانی تر دا بۆی نییە دوای مامۆستا قوتابی بێتە ژوورەوە.
2. ئەگەر قوتابی بچێتە دەرەوەی هۆڵی خوێندن بۆ تەلەفۆن کردن لە نمرەی چالاکی ئەم ڕۆژە بێبەش دەبێ.
3. ئەگەر قوتابی لەناو هۆڵی خوێندن کاتێ خەریکی وانە وتنەوەم بەبێ مۆڵەت خواستن و پێویستی دەرسەکە خەریکی مۆبایل بێ، لە دەرسەکەدا بە نەهاتوو ئەژماردەکرێ.
4. بەشداری کردنی ڕۆژانەی قوتابی ، لە ئەو بابەتانەی دەخوێندرێن و وتنەوەی بابەتە خوێندراوەکان ، هەروەها لە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارانەی کە پەیوەندییان بە بابەتەکەوە هەیە. گەڕان بەدوای ئەو زانیاریانەی کە داوایان لێدەکرێ.
5. دروستکردنی ڕاپۆرتێک کە نوسرابێتەوە و پێشکەشکردنی لە هۆڵ دا، بەڵام ئارەزوومەندانایە بەکاغەز یا PDFبدرێت.
6. لە کاتی تاقیکردنەوە مۆڵەت وەرناگیرێت تەنها بە ڕێگای مۆڵەتی دکتۆر نەبێ .

## 13. ڕێگەی وانە ووتنەوە

بەگشتی تەختەی سپی و داتاشۆ بەکاردەهێنم هەروەها لەکاتی ڕوونکردنەوەی بابەتێک لەسەر تەختەی سپی دووڕەنگ یان زیاتر بەکار دێنم. مەلزەمە دەدەم بە قوتابیان.

## 14. سیستەمی هەڵسەنگاندن

لەبەر ئەوەی ئەم بابەتە لە کۆرسێکدا دەخوێندرێ ، بۆیە یەک بۆ دوو تاقیکردنەوەی دەکرێ کە لەسەر١٦ نمرە دەبێ ،٨نمرە لەسەر راپۆرت و سیمینارە و ١٢ نمرەش لەسەر بەشداریکردنی ڕۆژانە و چالاکی و ئەرکی ماڵەوە هەروەها ٤ نمرەش لەسەر ئامادەبوونە بەشێوەیەکی ڕێکوپێک،کۆی گشتی نمرەکە لەسەر ٤٠ دەردەچێ، تاقیکردنەوەیەکیش لە کۆتایی کۆرسەکەدا ئەنجام دەدرێ ئەویش لەسەر ٦٠ دەبێ.

## 15. دەرئەنجامەکانی فێربوون

-1 قوتابیان لەم کۆرسەدا بەلایەنی کەم ئاشنای تەواوی ٢٥-٣٠ فەرهەنگی جۆراوجۆر دەبێت.
-2 شارەزابوونی قوتابی بە بنەما و هونەرەکانی فەرهەنگنووسی دەتوانێ لەم بوارەدا کاربکات و داهاتێکی بۆ خۆی دەستەبەر بکات.
-3 دروستبوونی کادیری فەرهەنگناس و فەرهەنگساز و زاراوەساز و ڕەخنەگر و هەڵەچنی شارەزا بۆ خزمەتکردنی زمانەکەمان بە هۆی تێگەیشتنی لەو زانیارییەکانی لەم وانەیە دا خراوەتەڕوو.

## 16. سەرچاوە بۆ فەرهەنگ


1. ئەورەحمانی حاجی مارف (د.) (1975) . وشەی زمانی کوردی. بەغدا:چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد.
2. ئەورەحمانی حاجی مارف (د.) ( 1987 ). لە بواری فەرهەنگ نووسیی کوردیدا. بغداد: مطبعە الرومان.
3. ئیمان ئەسکەندەرجەوهەر، میدیا مراد محمدامین(٢٠٢٤) پەسنکردنی فەرهەنگی ئەلیکترۆنی لە زمانی کوردیدا، گۆڤاری زانکۆ ، بەرگی ٢٨ ژمارە ٣.
4. طالب حسین علی( 1998 ).هەندێ لایەن لە پەیوەندی نێوان ڕستە و واتا لەکوردیدا. نامەی دکتۆرا،

زانكۆی سەلاحەدین.

5. تالیب حوسین(د.) (2001) چەند تێبینییەک دەربارەی فەرهەنگی کوردی . نووسـەری نـوێ( 19 )، ۱۸۳ – ۱۸۸ .
6. جەلال مەحمود علی (2001) فەرهەنگسازی. نووسەری نوێ( 19 )، 62-۷۱ .
7. جەمال رەشید(د.) (2001) قامووس. نووسەری نوێ( 19 )، 151 – 154 .
8. جەمال عەبدول(م.)، وریا عومەر ئەمین(د.)، فاروق عومەر سدیق(د.)، ئازاد ئەحمەد مەحموود(د.) (2013). ڕێنووسی کوردی بەپێی بنەما زانستییەکانی ڕێنووسی گشتی. دووەم چاپ، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
9. جەمال نەبەز(د.) (2001) بەبۆنەی "سیمیناری قاموسی کوردي"یەوە لە هەولێر. نووسەری نوێ (19)، 57_ 60 .
10. حوسێن محەمەد عەزیز ( 2005 ) سەلیقەی زمانەوانیی و گرفتەکانی زمانی کوردیی ( کۆڵینەوە و ڕەخنە ). چاپی دووەم، سلێمانی: چاپخانەی کارۆ.
11. خۆشنا و عەزیزحەمەئەمین، سەلام ڕەحیم ڕەشید(۲۰۱۹) فەرهەنگی زمان و پرۆسە فەرهەنگییەکان لە زمانی کوردیدا
12. سەلام ناخۆش ، نەریمان خۆشناو. ( 2009 ). زمانەوانی. بەرگەکانی(1، 2، 3)، چاپی (1)، هەولێر: چاپخانەی منارە.
13. شکۆفە حسین محمد صالح۲۰۲۱ هەڵسەنگاندنێکی زمانەوانیی فەرهەنگنووسیی کوردی، نارین، هەولێر.
14. شهاب طیب طاهر(**۲۰۱۹**) بنەما نوێیەکانی فەرهەنگنوسی کوردی (فەرهەنگی کوردستان( و )قامووسی زمانی کوردی) بەنموونە
15. شەهاب شێخ تەیب۲۰۲۱ فەرهەنگسازی
16. عەبدوڵلاحوسێن رەسول(2003).چەند پیتێکی کێشەدار لە نووسینی کوردیدا.
17. عەبدلواحید موشیر دزەیی۲۰۱٤، لێکسیکۆلۆجی چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.
18. غازی فاتح وەیس(1984). فۆنەتیک. چاپخانەی (الادیب البغدادي).
19. فازیل نیزامەدین. ( 2001 ). سیمینارێکی ئەکادیمی سەبارەت بە فەرهەنگی کوردی. نووسەری نوێ( 19 )، 49 _56 .
20. فەتاحی کاویان. ( 2001 ). کورتەی ئەو شتانەی کەپێم وابووە دەکرێ جێگای سەرنج بن. نووسەری نوێ( 19 )، 37 – 48.
21. کەوسەر عەزیز ئەحمەد (1990). بیردۆزی مۆرفیم و هەندێ لایەنی وشەسازی کوردی. نامەی ماستەر، زانکۆی سەڵاحەددین.
22. محەمەد مەحوی(د.) ( 2001 ) .وشەنامە و فەرهەنگ . نووسەری نوێ( 19 )، 144_150 .
23. محمەد معروف فەتاح(د.) ( 1990). زمانەوانی. هەولێر: دار الحكمە.
24. میدیا مراد محمدامین(۲۰۲۰). هونەری وێنە و چاپ لە فەرهەنگ دا،لە سێیەم کۆنفراسی نێودەوڵەتی(، https://doi.org/10.31972/jickpll19.01
25. میدیا مراد (2021). فەرهنگنوسی، نارین، هەولێر.
26. وریا عمر امین(۲۰۲۲)ڕێنووسی کوردی لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە،هەولێر: ئەکادیمیای کوردی.
27. ابراهيم صبيح (د.)، سعود عبدالجابر (د.)، كامل ولويل(د.)، مامون جرار(د.) ( 2005 ). المدخل الى دراسة العربية. ( ط 2 )، عمان: دار الحامد .
28. احمد محمد المعتوق(د.) ( 2008 ). المعاجم اللغوية العربية. ط الاولى، بيروت: دار النهضة العربية.
29. حاج هنى محمد،٢٠١٤،الصورة في المعاجم اللغوية- ابعاد توضيفها و صعوبات استخدامها-،١٢٥-١٤٤،مجلة

ممارسات اللغوية، عدد (٥)،الجزائر.
30. حسام الدين تاوريريت، ٢٠١٦،استخدام الشواهد بين "المعجم الوسيط"و" Merriam Webster dictionary"دراسة مقارنة،اطروحةالدكتوراه،جامعة قاصدي مرباح – ورقلة- ، الجزائر.
31. حكمت كشلى(د.) ( 2002 ). تطور المعجم العربى من مطلع القرن التاسع عشر من عام 1950 مـ ( دراسة – تحليل – نقد ). طبعة الاولى، بيروت: دار المنهل اللبنانى.
32. عثمان محمد احمد الحاوي(د.)، محمد سعد البغدادى(د.) (2006)، في المعاجم اللغوية. المملكة العربية السعودية، الدمام: مكتبة المتنبي.
33. على قاسمى،١٩٩١، علم اللغة و صناعة المعجم ،ط:٢، جامعة الملك السعود، الرياض.
34. محمد عبدالحفيظ العريان(د.) ( 1984 )، المعاجم العربية المجنسة، مصر: دار المسلم.
35. محمد على الخولى(د.) ( 1986 ). معجم علم اللغة التطبيقي.الطبعة الاولى، مكتبة لبنان.
36. محمد محمد يونس على(د.) ( 2007 ) المعنى وظلال المعنى أنظمة الدلالة فى العربية. الطبعة الثانية، بيروت، لبنان: دار المدار الاسلامى.
37. www. motaba3ath. Com كيفية كتابة المراجع في البحث العلمي- المتبعث للدراسات والاستشارات الاكاديمية.

38. /https://ar.m.wikipedia.org/wikiتاريخ _ الطباعة
39. AP Cowie (1989) Oxford Advanced Learners Dictionary, Oxford New York Toronto.
40. Bauer, L. (1983) English word Formation Cambridge: Cambridge Universty press
41. David Crystal (2003). English as a global Language. (2nd ed. First ed. 1997) Cambridge: Cambridge Universty press.
42. Halliday, M. A. K. Colin Yallop, (2007) Lexcology, Ashort Introduction, London Cromwell press.
43. Herbert Morton, 1995, The story of Webster's Third: Phlip Gove's controversial Dictionary and Its Critics, Cambridge University.
44. Thompson, Della, etc.... (1998). Illustrated Oxford Dictionary. Oxford University Press. Great Britain.
45. https://en.m.wikipedia.org/wiki/Dictionary
46. www.homes.uni-bielefeld.de/gibbon

**سەرچاوە بۆ زاراوەسازی**

47. بەکر عومەر عەلی مەعروف(٢٠٠٠)، میتافۆر لە ڕوانگەی زمانەوانییەوە، نامەی دکتۆرا، زانکۆی سلێمانی.
48. جەمال عەبدول (٢٠٠٨)،بەرکولێکی زاراوەسازیی کوردی: چاپی دووەم،بڵاوکراوەی ئەکادیمیای کوردی، ژمارە(٤٥)دهۆک
49. رفیق شوانی(پ.د.) (٢٠١٤)،وشەسازی زمانی کوردی، چاپی دووەم، کەرکوک: کۆمەڵگای چاپخانەی داودی.
50. رۆژان نوری عبدالله(٢٠٠٧)،فەرهەنگی زمان و زاراوەسازی کوردی،خانەی چاپ و بڵاوکردنەوەی چوارچرا سلێمانی.
51. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (پ.ی.د) (٢٠١٣)،چەند لێکۆڵینەوەیەکی زمانەوانی، هەولێر: چاپخانەی حاجی هاشم.
52. ساجیدە عەبدوڵلا فەرهادی (پ.ی.د) (٢٠١٤)،جۆرەکانی خستنەسەر(الاضافه) لە زمانی کوردیدا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە(٢٩)،هەولێر.
53. شەهاب شێخ تەیب تاهیر (د. )(٢٠١٢)، بنەماو پێکهاتەکانی زاراوە لە زمانی کوردیدا، چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی.

54. عەبدولجەبار مستەفا مەعروف(٢٠٠٥)، دروستەی فرێز لە زمانی کوردیدا،ماستەر سلێمانی

55. عەبدلواحید موشیر دزەیی٢٠٢١، زاراوەسازی و زمانەوانی چاپخانەی ئاوێر، هەولێر.

56. کامل بصیر( د.) (١٩٧٤)، زمانی عەرەبی و کێشەی زاراوەی کوردی، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری.

57. کامل حسن البصیر( د.) (١٩٧٩)، زاراوەی کوردی لێکۆڵینەوە و هەڵسەنگاندن، چاپخانەی زانکۆی سلێمانی.

58. کامل حەسەن عەزیز بەصیر (١٩٨١)، زانستی ئاوەڵواتا، بەغدا: چاپخانەی کۆڕی زانیاری عیراق.

59. کەمال جەلال غەریب (٢٠١٢)، پرۆژەی زاراوەی زانستیی کوردی، چاپی دووەم، هەولێر:دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس.

60. محەمەد وەسمان(٢٠٠٤)،گیروگرفتەکانی زاراوە دانان لە زمانی کوردیدا،هەولێر. کامل حسن البصیر١٩٧٩

61. میدیا مراد(٢٠٢١)ڕۆڵی خستنەسەر لە زاراوەسازیدا،گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی،ژمارە(٤٧)، هەولێر.

62. نوری عەلی ئەمین (١٩٥٦)قەواعدی زمانی کوردی، بەغدا.

63. یوسف شەریف سەعید(٢٠١١) زمانەوانی، هەولێر: چاپخانەی ڕۆژهەڵات.

64. یوئێل یوسف عەزیز(د.)، سەلمان داود ئەلواستی(د.)، عەبدولوەهاب ئەلنەجم (1982) وەرگیرانی ئەدەبی، و.:غازی فاتح وەیس. چاپخانەی زانکۆی سەلاحەددین.


| **17. بابەتەکان** | **ناوی مامۆستای وانەبێژ** |
|---|---|
| فەرهەنگ<br>زاراوەی فەرهەنگ<br>پێناسەی فەرهەنگ<br>مێژووی فەرهەنگنووسی لە جیهان دا<br>مێژووی فەرهەنگنووسی لای کورد<br>قۆناغەکانی بەرەو پێشچوونی فەرهەنگ لای کورد<br>جۆرەکانی فەرهەنگ<br>فەرهەنگنووسی: فەرهەنگناسی و فەرهەنگسازی<br>چەمک و پێناسەی فەرهەنگناسی<br>چەمک و پێناسەی فەرهەنگسازی<br>یەکەی فەرهەنگی : لێکسیم ، لیَما<br>پەیکەری فەرهەنگسازی:<br>١. ئەلفوبێی فەرهەنگی<br>٢. ڕیزکردنی لێکسیمەکان<br>٣. ڕێنووس<br>٤. ڕێبازەکانی فەرهەنگ:<br>١. فەرهەنگی وشەیی<br>٢. فەرهەنگی واتایی<br>جیاوازی نێوان فەرهەنگی وشەیی و فەرهەنگی واتایی<br>٥. وێنە و چاپ | ٢٠٢٥-١-٢٨ |

| | |
|---|---|
| أ. هونەری  وێنە لە فەرهەنگ دا<br>مێژووی بەکارهێنانی وێنە<br>هۆکاری بەکارهێنانی وێنە لەناو فەرهەنگ دا<br>بنەماکانی پەیڕەوکردنی وێنە لەناو فەرهەنگ دا<br>کاریگەرییە ئەرێیەکانی وێنە<br>ب. هونەری چاپ لە فەرهەنگ دا<br>هونەرەکانی چاپ<br>کاریگەرییە ئەرێیەکانی چاپ<br>زاراوەسازی<br>پۆلینکردنی زاراوەسازی<br>ڕێبازەکانی زاراوە وەرگرتن<br>ڕێگاکانی زاراوە دروست کردن | |
| 18. **بابەتی پراکتیک (ئەگەر هەبێت)** | |
| لێرە مامۆستای وانەبێژ ناونیشانی هەموو ئەو بابەتە پراکتیکانە دەنووسێت کە بەنیازە بیلێتەوە لە تێرمەکە. هەروەها کورتەیەک لە ئامانجی هەر یەک لە بابەتەکان وبەروار وکاتی وانەکە دەنووسێت. | ناوی مامۆستا |

**19. تاقیکردنەوەکان**

**1. دارشتن:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە پرسیارەکان زۆربەی بە وشەی وەک روون بکەوە چۆن...؟ هۆکارەکان چی بوون...؟ بۆچی...؟ چۆن...؟ دەستپێدەکات.

پ/ وەرگرتنی لێشاوی وشەو زاراوە لەزمانەکانی ترەوە بۆ ناو زمانی کوردی چ دەرئەنجامێکی دەبێ؟ چ ڕێکارێک بگرێتەبەر بۆ ڕاگرتنی ئەم دیاردەیە؟

و/ گومان لەوەدا نییە ئەوانەی وشیارن لە مەترسی مردنی پلە بە پلەی زمان بەرهەڵستی لەهاتنە ناوەوەی لێشاوی زاراوە دەکەن، کە ئەم دیاردە زمانەوانییە مردنی پلەبەپلەی زمان لە ئەنجامی ئەوەوە سەرهەڵدەدات، کە قسەپێکەرانی زمانێک دەستدەکەن بە بەکارهێنانی وشە و زاراوە نوێیەکانی زمانانی تر، یاخود واز لە وشەی ڕەسەنی زمانەکەی خۆیان دەهێنن و چەندین وشەی زمانێکی تر یا زمانانی تر لە شوێنی وشەکانی زمانی خۆیان بەکاردەهێنن. بەم شێوەیە نەوە لە دوای نەوە دەستبەرداری کۆمەڵ بە کۆمەڵی وشەکان دەبنەوە لە ئەنجام دا ئەو وشە ڕەسەنانە لەبیر دەچنەوە. ئەم دیاردەیە ئەگەر  چەند نەوەیەک یا زیاتر بەردەوام بێ بەشێوەیەکی پلە بە پلە زمانەکە دەتوێتەوە و نامێنێ، بۆیە بەو دیاردەیە دەوترێ **مردنی زمان**.

زمانەوان و زاراوەسازان و ئەوانەی لە مەترسی مردنی پلەبەپلەی زمان ئاگادارن ڕووبەرووی لێشاوی زاراوەکان دەبنەوە هەوڵ دەدەن زاراوە دابنێن یاخود دابیرێژنەوە لەبۆتەی ڕێزمانی کوردی دا. یا ئەو زاراوانە بکوردێنن، بۆ ئەو مەبەستە چەندین ڕێباز و شێوازیان دەستنیشانکردووە و ڕێوشوێنیان داناوە بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ چەمک و زاراوەی نوێ کاتێ دێتە ناو زمانی کوردی بۆ ئەوەی بتوانرێ بە شێوەیەک لە شێوەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێ. بۆیە چەندین لێژنە یا دەستە لە ڕۆشەنبیران ، سەرەرای هەوڵی تاکە کەسیش زاراوەیان داناوە.

**2. راست وچەوت:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە رستەیەکی کورت دەربارەی بابەتێک دەستەبەردەکرێت وپاشان قوتابی بە ڕاست یان چەوت دادەنێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

پ/ ڕێژەی بەکارهێنانی وێنە لەناو فەرهەنگ دا لەگەڵ تەمەن ڕاستەوانە دەبێتەوە.

و/ نەخێر، ڕێژەی بەکارهێنانی وێنە لەناو فەرهەنگ دا لەگەڵ تەمەن پێچەوانە دەبێتەوە، تا منداڵ بچووکتر بێ ،وێنەی زیاتری بۆ دەستەبەر دەکرێ. تا لەڕووی تەمەنەوە گەورەتر بێ، ڕێژەی وێنەکان کەم دەکرێتەوە.

1. **بژاردەی زۆر:** لەم جۆرە تاقیکردنەوەیە ژمارەیەک دەستەواژە دەستەبەردەکرێت لە ژێر رستەیەک وپاشان قوتابیان دەستەواژەی راست هەڵدەبژێرێت. نموونە دەبێت دەستەبەربکرێت.

پ/ ناوی کەسایەتی بەناوبانگ دەچێتە ناو:

١.فەرهەنگی گشتی زمانی ٢. فەرهەنگی ئینسایکلۆپیدی ٣.فەرهەنگی واتایی

**20. تێبینی تر**

لێرە مامۆستای وانەبێژ دەتوانێت تێبین وکۆمەنتی خۆی بنوسێت بۆ دەوڵەمەندکردنی پەرتووکەکەی.

**21. پێداچوونەوەی هاوەڵ**

ئەم کۆرسبووکە دەبێت لەلایەن هاوەڵێکی ئەکادیمیەوە سەیر بکرێت و ناوەڕۆکی بابەتەکانی کۆرسەکە پەسەند بکات و جەند ووشەیەک بنووسێت لەسەر شیاوی ناوەڕۆکی کۆرسەکە و واژووی لەسەر بکات.
هاوەڵ ئەو کەسەیە کە زانیاری هەبێت لەسەر کۆرسەکە و دەبیت پلەی زانستی لە مامۆستا کەمتر نەبێت.